کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 21:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامەیەک بۆ بەڕێز دکتۆر کەمالی سەید قادر هەتا ئێرەو هەروەستەیەک ... باوکی شازاد**

برای شیرینم دکتۆر کەمال ئەوەی من دەمەوێت بۆتی بنوسم بە هەموولایەنەکانی تەنها لە بەرژەوەندی خۆت و بنەماڵە بەڕێزەکەت زیاتر هیچ شتیکی تر ناگەیەنێت. لای هەمومان ڕون و ئاشکرایە کە جەنابتان لە جەولەی یەکەم دژی بنەماڵەی بەڕێزی بارزانی نەتان توانی بەرگە بگرن و ڕون تر بلێم شەڕێکی خۆ تڕێن بوو کردتان، هەر چەندە زۆر کەس ئامۆژگاریان کردی کە نەیکەیت دیار بو هەر بۆچونەکانی خۆتان پێ باشتر بوو خۆتان خزاندە ناوی کە تەنها خۆت دەزانی چۆنی لێ دەرچویت، حەز ئەکەم زیاتر بۆتان ڕۆن بکەمەوە ئەگەر هەندێ هۆکار نەبوایە ئێستا زەمانێک بوو پێستەکەت چوو بوو بۆ دەباخانە، هۆکارەکانیش بریتی بون لە مانەی خوارەوە:یەکەم لە و کاتەی کە تۆ گەڕایتەوە هەولێرو بانگەوازی شەرەکەت ڕاگەیاند و دەستگیریان کردیت شەنسێکی باشت هەبوو کە کاک مەسعود بارزانی و نێچیرەڤان و مەسرور لە دەرەوەی کوردستان بوون بۆیە کەس نەیتوانی تۆ لە ناو ببات، بەم شێوەیە ماوەی دوو هەفتە بەبێ هیچ ئیجرائاتێک مایتەوە لەو ماوەیەش کارەکە لە یەک ترازاو بوو بە هەرا لە سەر ڕوی ڕۆژنامەکان و ژورەکانی ناو پالتاک وە هۆکاری دومەم ئەو هاوار هاوارەی گەلاوێژ خانی خوشکت زۆر کاری کردە سەر ڕۆح و زەمیری خەڵکانی ڕۆشنبیر لە هەر هەموو دونیا دەنگی دایەوە خەڵکێکی زۆر هاتە مەیدان و دەست کرا بە کامپینگ، ناچار بەر پرسانی پارتی هاتنە وەلام (تەها بەرواری) هاتوو ئاشکرای کرد کە تۆ لای ئەوان بەندی، بەڕاستی ئەو خەڵکە هەر هەمویان دژی نوسینەکانت بوون ئەگەر هەندی بنەماشی هەبوبێت لەبەر ئەوەی زۆر خەڵکت تیا بریندار کردبوو هەروەک و خۆشت دانت پیا نا کە ئازاد کرایت و گەڕایتەوە ئەوروپا کە هاتی بۆ ژورەکەی (بۆتین) قسەت کرد سەد خۆزگە هەر قسەت نەکردبایە بۆ خۆت ئاوا بە هێمنی بێ دەنگ بوبایت باشتر بوو هەندێ خەڵک هەبوو تۆیان کردبوو بە سومبولی ئازادی بیرو باوەڕ. چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد تۆ بێیت دەست بکەیتە هێرش لە سەر بنەماڵەی بەرزانی بەلام تۆ لەم کاتە زۆر هێمن و لە سەر خۆ بویت و هەرچەندە تیخ تیخە درای بەلام لە قسەی نەرموو بە سەروبەر زیاتر هیچتان نەوت ئەوەبوو زۆر لەو برادەرانەی کە ماوەی شەش مانگ بوو هێرشیان دەکردە سەر بناماڵەی بارزانی ئەوەندەش قسەیان بە خۆتو بناماڵەکەت ووتەوە واتە وەک و کابرا وتەنی هەر (هین دراِنە) کەتان بۆ مایەوە وە یەکێک لەو کەسانەی کە بڕیاریاندا واز لە نوسین بێنن کاک (تاهیر سالح شەریف) بوو بێجگە لە کەسانی جنێو فرۆشی وەک (نەهرۆی جەلال شێرە) کە جنێوی بە ڕەگ و ڕیشەتان دەدا من دەمەوێت شتەکانت وەک و خۆی بە بیر بێنمەوە بۆ ئەوەی هەروەستەیەک بکەیت و بە خۆتا بچیتەوە بێجگە لەو هەموو ئیهانەی خزمو کەست و خوشکە کاتت کرا لە سیمینارەکەی ماهاباد قەرەداغی لە ئەڵمانیا کە لەلایەن ڤاکتەکانەوە چۆن خوشکەکەتیان بە شەق کردە دەرەوە ئەی لە هەولێر لە پێش چاوی خۆت چۆن (بارزان قەساب) لە ناو ئاسایش خوشکەکەی دیکەتی خستبوە ژێر پێی خۆیەوە، ئاوا بە ئاسانی لە بیرت کرد من دەمەوێت شتەکانت وەک و خۆی بە بیر بێنمەوە بۆ ئەوەی هەروەستەیەک بکەیت و بە خۆتا بچیتەوە بێجگە لەو هەموو ئیهانەی خزم و کەسە کانت وشەهیدەکانتان کرا. دەزانی چەند زەریبەی گەورەتان داوە بەرامبەر نوسینی چەند شتێکی پرو پوچ کە کەس قێزی نەدەهات هەتا کۆتایی بیانخوێنێتەوە لە بەر ئەوەی نوسینەکانت لەوە نەدەچوو کەسێک نوسیبێتیەوە چەن بڕوا نامەی دکتۆرای هەبێت هەر هەمویان لە ئاستێکی زۆر نزم بون نەدەبو بەم شێوەیە بنوسرابوایە بەلام ووتمان ئەوەی کرا تازە ناگەڕێتەوە بەڵک و جارێکی تر شتی وا ڕو نەداتەوە با بە بیریشتان بێنمەوە ئەگەر مەسەلەکە تەشەنەی نەکردبایەو نەبوایە بە مەسەلەیە کی دەرەکی و حکومەتی ئەمەریکا لەسەر بەرز ترین ئاست ودەوڵەتە ئەوروپیەکان ناهاتبانا وەلام زۆر ئاسان نەبوو ئاوا بە سەلامەتی لەبن دەستی بنەماڵە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕزگارت ببوایە خۆ تۆ لە ماڵی فاخیر مێرگەسوری و حوسێن ئاغای سورچی و حەسەن کوێستانی و ڕێبازی دەشتی هەولێر بە سەدان نمونەی تر بە هێز تر نەبویت کە هێندەی تۆشیان نەوتبو بە توند ترین شێوە لە ناو بران هەندێکیان لەبەر هەندێ هۆکاری عەشایەری و خزمایەتی قەرەبوو کران بە هەندێک پارەو پول ئەوانی تر هەر کەسیش خۆی لێ نەکردن بە خاوەن هەڤاڵەکانیان لە سەر مێزی گفتوو گۆ تەنازولیان بۆ یەکتری کرد ئێستا هەر کەس لە یادیشی نەماون لە گەڵ بکوژەکانیان لە سەر یەک مێز دادەنیشن و دەخۆن و دەخۆنەوە، بەڵام وادیارە جەنابتان هیچ سودتان لەم هەموو ئەزموونە ناخۆشانە وەر نەگرت دیسان بە فیتی جەند کەسێکی توند ڕەوو و سەرەڕۆ کە کەس نازانێت ئەوانە چین و کێن و چیان دەوێت خۆتان خستەوە بەر لولەی تۆپەکەوە کە وا پێ دەچێت لە دوو جەبهەوە بتانەوێت ئەم جارەیان شەڕ بکەن بنە ماڵەی بارزانی و تاڵەبانی ئەو هەویرەش ئاوی زۆر دەوێت هەرچەندە خۆشتان ئامادە کردبێت بەرگری کردن وا ئاسان نیە. بزانە کارە کانت چۆن کاری بەرامبەری لێ کەوتەوە ئێستا دەبێنن کە چۆن لە ماڵپەڕەکانی نیشتمان نێت و ڕۆشنایی دژە هێرش دەستی پێ کردوە، بە هەموو شێوەیەک چەکی نا شەرعی دژی خۆت و بنەماڵەکەت بە کار د ێنن بێ ئەوەی ئەو جنێو فرۆشانە نە تۆو نە کەسێک لە ئێوە بناسن ڕۆژانە لە سەرتان دەنوسن من باش ئێوە دەناسم وە تۆش دەناسم هەرکەسێکیش وەکو من بتانناسێت دەزانێت کە بنەماڵەکەتان چەنە خەباتگێڕ بونەو چەند شەهیدتان داوە بۆ شۆڕشە کانی گەلی کورد کە دوایین شەهیدتان لە تەقینەوکەی کەرکوک بوو بەم دواییە وە ئەوەی تۆ بناسێت دەزانێت تۆ لە کوێ لە دایک بویت و ژیانی منالێیت لە کوێ بەسەر بردوە لەوا نەیە گەڕەکی تەیراوەت بە گەورەیی دیبێت وە قوتابخانەی کوردو عەرەبت لە ماڵپەڕی نیشتمان نێت خوێندبێتەوە هەموو کەس دەزانێت تۆ لە ساڵانی حەفتاکان سەفەرتان کردوە بۆ ئەوروپا ئەوساکە هێشتا سەددامی گۆڕ بە گۆڕ نەهاتبوە سەر حوکم وە هەمو وکەسیک کە تۆ بناسێت دەزانێت کە ئەو قسانەی دەرهەق بە تۆو خانەوادەکەت دەکرێت دورن لە ڕاستی، بەڵام شتێک هەیە دەبێ بیزانیت ئەویش ئەوەیە خۆت دار لە کونی زەنگە سورە وەردەدەیت و دەرگای موشکلە بۆ خۆت دەکەیتەوە دەست کاری هەندیک شت دەکەیت کە لەخۆت زۆر قەبارەکەی گەورەترە منالێکیش بێنە دەزانێت کە نە بنەماڵەی بارزانی و نە تاڵەبانی بەتۆو ئەمسالی تۆ لانابرێن و لاوازیش نابن ئەوانە ئێستا حاکمی موتڵەقی کوردستانن جا چی پێویست دەکات ئاسنی سارد بکوتیتەوەو وەک و ڕبەی کەس پێ نەپێوراو هەر لە شوێنی خۆت بلێ حەوت حەوت کەس گوێت لێ ڕا ناگرێت و باوەڕیش بە قسەکانت ناکەن ئەگەر ڕاستیش بن خەڵک نایەوێت سەر ئێشە بۆ خۆی درەست بکات وەک و تۆ بەسەر خۆی بێنێت من زۆر بە ڕاشکاوەیی قسەم لە گەڵ کردیت وە باش بزانە بەرژەوەندی تۆم دەوێت نە چەپڵەت بۆ لێدەدەم و هانت دەدەم وە نە جنێویشت پێ دەدەم لە بەر ئەوەی دەمەوێت بە خۆت دا بجیتەوەو واز لەم سەرە ڕۆییە بێنیت باشترە بۆ خۆت، خۆت بە شتێکی تر خەریک بکەیت نە سەری خۆتو نە خانەوادەت بیەشێنیت وە نە خەڵکانی وەک و منیش ناچار بکەیت ڕێوو شوێنت نیشان بدات لە سایەی خوا دەبێ جەنابت ئەوەندە کارامە بوایت سیاسەتی حیزبێکت بە ڕێوە بردبایە کەچی ناتوانیت بەرنامەیەکی توکمە بۆ ژیانی خۆت دابین بکەیت و واز لەم بێنەو بەردەیە بێنیت و بۆ خۆت وەکو ئەو خەڵکە بچیت لە زانکۆیەکی بەرز دەرسی خۆت بڵێیتەوەو ماڵ و منالێک بە یەکەوە بنێیت و و کا تێ کە سەردانی کوردستان بکەیت گەورەترین سەرکردە داوات لێ بکات کە سەردانت بکاتو گەورەترین وەزیفەت پێ بدەن، نەوەک وەک و ئێستا سەیرت بکەن و ئەوەی کە حیسابی بۆ نەکەن تۆبیت کەمێک وەرەوە سەر خۆت پێداچونەوەیەکی قول بکەرەوە بەم کارانەی کە کردوتە بزانە چەندە زەرەری زیاتر بوە لەوەی کە سودی پێ گەیاندبیت من ئەوەی پێویست بو گوتم وەلامی کۆتاییش لای خۆتە بەلام پێش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
25-7-2007 21:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەوەی جارێکی تریش خۆت توشی سەرگەردانی بکەیت وە خوا دەیزانێت ئەو جارەیان بە سەلامەتی لێی دەر دەچیت یان نا بۆ خۆت هەرچەندی زوترە وەک و پێم وتی بارگەی خۆت بپێچەوەو واز لە م جنێو بازیەی ناو ماڵپەڕەکانی ئینتەر نێت بێنەو برۆ بۆ خۆت کاری خۆت بکە، ئەمجارەیان مەرۆ بە شوێن بۆچونەکانی خۆت گوێ لە ئێمە بگرە هەرچەندە لەوانەیە تۆ پلەی خوێندەواریت بەرز تر بێت لە ئێمە مانا بەڵام هەندی کات بڕوانامەی بەرز دەبێتە هۆی دروست بونی کێشەی گەورە بۆ خاوەنەکەی وەکوئەوەی کە ئێستا بەسەر جەنابت هاتوە باش بزانە کەس نالێت خۆزگەم بە دکتۆر کەما ل بکات لە بەر ئەوەی ئەگەر بەم شێوە کار بروات قازانج سەری مایە دەخوات و هەر شادو سەرکەوت و بن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.